# گرووپی نالی و دوورکەوتنەوە لە واقیع!! ... نامەیەک بۆ گرووپی نالی و ڕوونکردنەوەیەک بۆ هونەردۆستان ...هێمن حسێن



هونەردۆستانی خۆشەویست دڵسۆزانی گۆرانی و موزیكی كوردی...
دوای ئەوەی من وەك هونەرمەندێكی موزیك ژەن یەكێك بووم لەوانەی كە نەوەك ئەندام بەڵكو وەك هاوكارێك لەگەڵ گرووپی نالی چەندین كاری هونەریم كردووە چ وەك كۆمەڵێك بەرنامەی هونەریی چ وەك چەندین كۆنسێرت چ وەك كاری ستۆدیۆ كە ئەوەش واقیع بوو كە گرووپی نالی لە چەند كەسانی بەتوانا پێك هاتبوون!!
وەك ئاگادارن لەم ماوەیە ئەلبومێكی هونەرییان بڵاوبۆوە بە ناوی (گوڵەكانی پرچی حەبیبە) كە من لە چەند بەرهەمێكی ئەوان بەشداربووم وەك ژەنیار و وەك كۆكردنەوەی كۆمەڵێك ئامێر كارم لەگەڵ كردن لەلای خۆیان زۆر گرنگ بوومن ئەم كارە بكەم بە ئامێری كیبۆرد!!
كەچی زۆربەی ئەو ئامێرانەی بەكارهاتووە لە گۆرانیەكان وەك (سەنتور_تار_عود_زەرب_دەهۆڵ) من ژەنیومە لەهەمان كات دا بێجگە لە ژەنین كەسێك بوومە وەك ئامادەكاری ئەم چەند بەرهەمە، نەك وەك دابەش كاری موزیك بەڵكو وەك ئامادەكاری موزیكی زۆربەی گۆرانیەكان. تەنها دەمەوێت مافی هونەریی من پێشێل نەكرێت چونكە بینەر و گوێگر نازانن كە ئەم ئامێرانە بە دەست و پەنجەی من ژەنراون.
بەڵام بەداخەوە دیارە گرووپی نالی پێیان شەرمە دان بەو واقیعە بنێن كە ئەم كارانە بە ئامێری كیبۆرد كراوەوەك یارمەتیدەرێك. بەڵام ئەوان وادەزانن كە ئەم ئامێرە كە ئەمڕۆهەموو جیهان سوودی لێوەردەگرێت لەهەیبەتی گرووپی نالی و كارە هونەرییەكانیان كەم دەكاتەوە ئەگەر وابوو بۆ ئەم كارەتان كرد؟؟؟؟
ئایا هەر لایەنە بازرگانیەكەی لای ئێوە گرنگە؟؟؟؟
یان پێگەیەكی هونەریی جوان لەكارە هونەرییەكانتان دا دیاربێت باشترە. بەداخەوە نازانم تاكەی دەبێت ئەم ململانی هونەرییە بازرگانیە بەردەوام بێت؟!
تاوەكو ئێستا لە كوردستان یاسایەك نی یە بۆ پاراستنی مافە هونەرییەكانی هونەرمەندان ئەگەر ئەو یاسایە هەبووایە ئەوا ئێستا ئەبوایە گرووپی نالی باجی ئەو پێشێلكردنەیان بدابایە كە دەرهەق بە هونەرەكەی منیان كردووە كە بی سڵ كردنەوە لەوەی كە ئەو ئامێرانە لەم سیدی یەی گرووپی نالی بە دەست و پەنجەكانی من ژەندراون كەچی ئەوان بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیە بشارنەوە لەلای هونەردۆستان ناوی منیان نەنوسیوە كەئەمە مافێكی هونەریی منە.
بۆیە من دەڵێم بەداخەوە كەدوای ئەم هەموو هاوكارییەرۆحییەی كە لەگەڵ ئێوە كردم بۆ ئەم بەرهەمەتان نەك هەر سوپاستان نەكردم بەڵكو ئەوەشتان پی زۆر بوو كە لە بەرگی سیدیەكەتان ناوی من بنووسن وەك ژەنیاری ئەم كۆمەڵە ئامێرەی كە لە سیدی یەكاتاندا ژەنیم و كە كەسێك بووم لەكارەكەتان جێ دەست و پەنجەم زۆر بووە

بۆیە من دڵنیام کاری هونەریی بە خۆپەرستی بەڕێوە ناچێت بەڵکو بەردەوامیش نابێت
بۆیە پێتان دەڵێم سوپاس بۆ وەفاداریتان گروپی نالی!!!!